**مامۆستای بابەت: نعمات محمد رضا حسين**

**وەرگێرانی: اشواق احسان**

**بابەت :- أستوديو**

**(ئاوێتەكردن):-**

بەریتیە لە دووبارە دارشتنەوەی شێوە مەتریالەكان لەلایەن هونەرمەندەوە بۆ دروستكردنی كاری هونەری كە ئاگایی و هەستی جوانیناسی تێدا بەرجەستە كرابێت.

**مانای ئاوێتەكردن (Combination):**

هونەرمەند هەوڵیداوە لە كارە ئاوێتەكراوەكانیدا زیاتر بیر لە مەتریالە جیاوازەكان بكاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی هەندێ مەتریالی تر كە وەك یارمەتیدەر بەكاردەهێنرێت، بۆ هەردوو مەبەستی سوود و جوانی. ئەمەش لە چوارچێوەی سروشتی مەتریالەكان كە هەریەكەیان لە سەرچاوەی جیاواز وەرگیراون، بەمە ئەرك و بەها جوانیناسیەكە هاوسەنگ دەبێت، ئەمەش چ لە ڕووی شێوەیی یان تەكنیكیەوەبێت، لەمەوە دەردەكەوێت ئاوێتەكردنی مەتریالە جیاوازەكان لە كارێكی هون+-ەری پێویستە ئامانجێك بپێكێت بۆ ئەوەی بەهای هەبێت بەپێی ڕوانینی هونەرمەند و وەرگر، بەمەش كارە هونەریەكە بەهای هونەری پەیدا دەكات. لەبەر ئەوەیە لە كاتی ئاوێتەی مەتریالەكان جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتی دەكرێت، چونكە سەرچاوەی سەرەكی مەتریالە نادەستكردەكانە، بە كۆگای زۆربەی مەتریال و مادە جیاوازەكان دادەندرێت، بەمجۆرە سیرامیكساز پەنا دەباتە بەر ژینگەی سروشتی ئەندامی، مادەی قوڕ بەپێی تایبەتمەندیەكانی كاریگەری زۆری هەیە لەسەر سیفەت و گوزارشتی ڕووكاری كارە سیرامیكیەكا+ن، ئەمە جگە لەم مەتریالە ئاوێتەكراوانەی بەكاردەهێنرێن لە پێكهاتەی قوڕدا بۆ بەهێزكردن، سەرەڕای جیاوازی مەتریالەكان و ڕێگاكانی دروستكردن و گوزارشتكردن لە بوارەكانی هونەر، ڕۆڵی هونەرمەند ئەوەیە ئەم مەتریالانە بە ئازادی تاقی بكاتەوە. بەكارهێنانی مەتریالە جیاوازەكان لە هونەر وایكردووە چەندین شێوازی نوێ دابهێندرێت لە هونەری هاوچەرخدا، بەتایبەت لە هونەری سیرامیكسازیدا، كە ئەمە لایەنی بەهای گوزارشتكاری و جوانیناسیشی گرتوتەوە، كە هەر هونەرمەندێك شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە لە ئاوێتەكردنی مەتریالەكان، كاتێك كارێكی داهێنەرانە ئەنجام دەدات لە بواری شێوەكاریدا بە گشتی وە لە سیرامیكدا بە تایبەتی، ئامانجی سەرەكیشی ئەوەیە ئاوێتەكاری شێوەكە بكات كە هەڵگری پەیامی ڕێكخستن و یەكبوون و

گونجاندن بێت، تا کارەکە ئەو ئەرکە جوانیناسیە و شێوەکاریەی بەجێبگەیەنێت کە داواکراوە. ئەو مەتریالەشی لە لایەن هونەرمەند هەڵدەبژێردرێت دەبێ بە وردی دەستنیشان بکرێت ئایا لەگەڵ ئەو جۆرە کارە دەگونجێت کە دەیەوێت دروستی بکات یان نا، وە ئایا دەتوانێت گوزارشت لەو شتە بکات کە لە خەیاڵیدا هەیە، ئەمە هاوکاری هونەرمەندە سیرامیکسازەکانی کردووە بۆ سوود وەرگرتن لە توانای شێوەکاری و گوزارشتکاری مەتریالە تازە دروستکراوەکان، بۆ گەیاندنی بیرۆکە هونەری و بەها گوزارشتکاریەکانی ئەم مەتریالانە لە کرداری ئاوێتەکردنی مەتریالە کۆن و تازەکان و شێوازەکانی بیناکردن و دروستکردنی بەشەکانی کارێکی هونەری، کە سیفەت و تایبەتمەندی هەریەک لەم مەتریالانە لەبەرچاوگیراوە بۆ ئەوەی پەیامی کارە هونەریەکەی بگەیەنێت. بۆیە مەتریالی سیرامیکی هاوچەرخ تەنها وەک مادەیەکی بەکار هاتوو نیە بەڵکو بەهۆی ڕوانینە هونەریە نوێکانەوە بۆ قوتابخانە شێوەکاریە تازەکان. بۆتە بەشێکی شێوەکاری خاوەن بەهای جوانیناسی لە ڕووی تایبەتمەندیە هەستی و نەستیەکەی، کە سیرامیکسازە هاوچەرخەکان جەختیان لەسەر ڕەنگ و بەهای ڕووکار و جۆری بەرهەستەکانی کردووە، کە کاریگەریە شێوەکاریەکەیان بە شێوە گشتیەکەی لە کاری هونەری

بەشێوەیەکی گشتی ئەو مەتریالانەی ئاوێتە دەکرێن لە کاری سیرامیکدا بەسەر سێ جۆر دابەش دەکرێت کە بریتیین لە:

١- ئەو مەتریالانەی بەر گەرمایی دەکەون دەکرێ لە کاتی دروستکردن زیاد بکرێت بۆ کارە هونەریەکە، کە ئەویش دوو جۆرە:

أ- هەندێك مەتریال بە گەرمی دەتوێنەوە بەر لەوەی بگات بە پلەی توانەوەی قوڕی سیرامیکی بەکارهێنراو، وەکو شووشە و بۆیە شووشەییەکان.

ب- هەندێك مەتریالیش ناتوێنەوە تاوەکو قوڕە سیرامیکیە بەکارهێنراوەکە نەتوێتەوە، وەک هەندێ جۆری شووشە و مەتریالە کانزاییەکانی وەکو (مس و ئاسن و ئەلەمنیۆم)

٢- هەندێك مەتریال نابێ بەر گەرمایی بکەون لە کاتی ( سوورکردنەوە) کە ئەوانیش دوو بەشن:

أ- مەتریالی وەکو: دار و مادە ڕووەکیەکان، مادە ڕیشاڵیەکان، لق و پۆپ، بەرد، بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، بەرووبوومە ئاژەڵیەکانی وەکو ئێسک و پێستە و و پەڕی باڵندە و گوێچکەماسی.

ب- مەتریالە دروستکراوەکان: پلاستیک، تەپەدۆر، کوتاڵ، چەرم، داو ... هیتر.

ئاوێتەکردنیش لە کارە سیرامیکیەکان دابەش بووە بەسەر:

أ- ئاوێتەکردن لەگەڵ یەک مەتریاڵ: ئاوێتەکردنی قوڕ لەگەڵ مەتریالێکیتر لە کاتی ئیشکردن.

ب- تێکەڵکردنی قوڕ لەگەڵ چەند مەتریالێکیتر، واتا قوڕی بەکارهێندراو لە کاری سیرامیکدا لەگەڵ چەند مەتریالێکیتر تێکەڵبکرێت و بە ڕێگا و تەکنیکی جۆراوجۆریش بەکاربێت.

لە مێژووی هونەری سیرامیکی جیهانی نوێ و هاوچەرخدا کۆمەڵێك سیرامیکساز هەن ئاوێتەکردنیان لە کارەکانیاندا بەکارهێناوە، لەوانە:


سیرامیکسازی بەریتانی (جۆی بۆسۆرس Joy Bosworth) بە یەکێك لەو هونەرمەندانە دەژمێردرێت کە ئاوێتەکاری کردووە و داهێنانی تێدا کردووە لە میانەی دیزاین و تەکنیک و لایەنی ڕەنگکردن بەتایبەت یەکڕەنگی پەیڕەو کردووە لە کارە هونەریەکانی وەکو (ڕەش یان سپی) ئاوێتەی کردوون لەگەڵ مەتریالی جیاواز بە نموونەی (زێڕ و زیو یان ئەلەمنیۆم و تێکەڵی کردوون لەگەڵ مەتریالەکانی سیرامیک) ئەمە سەرنجی بینەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و بەهای جوانیناسی بەکارەکانیشی داوە، بەرهەمەکانیشی زیاتر بەرجەستەن و لەڕووی گوزارشتەوە ئەبستراکتن و ئاماژەن بۆ بابەتێک، کە زۆربەی جار ئەندازەیین، ئامانجیشی گەیشتنە بە شێوەیەکی هونەری نەك بەجێگەیاندنی ئەرکێك، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی (تەکنیکی ڕاکۆ) و پەیکەری سیرامیکی کە گونجاوە لەگەڵ ڕێگای جێبەجێکردنی بەرهەمە سیرامیکیەکانی.



**کاری سیرامیکسازی بەریتانی (جۆی بۆسۆرسJoy Bosworth)**

سیرامیکسازی بەریتانی (دێڤید کۆهین David Cohen) کار و بەرهەمە سیرامیکیەکانی بە شێوەی ئەندازەیی دووبارەبوو دیزاین کردوون، ئەمەش بۆ بەستنەوەی بە ژینگەوە، بە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ، کە زیاتر شێوازی زێڕی بەکارهێناوە ئەمە جگە لە تەکنیکیتری وەکو (گیراوەی شووشەیی و وێنەی سەر شووشە و پەیکەری سیرامیکی، هەروەها بەکارهێنانی تەکنیکی ڕاکۆ و شێوازی شووشەکردنی کوژاوە) ئاوێتەکاریشی

بەکارهێناوە لە مەتریالی جیاواز وەکو (زێر و مس و پارچە شووشە و تەل و شتیتر) کە ئەمانە وایکردووە وێنەدانەوەی ژینگە سروشتیەکەی بێت، گوزارشت لە لایەنی ئەرک و جوانیناسیەکەش بکات.



**کاری سیرامیکسازی بەریتانی (دێڤید کۆهین David Cohen)**

سیرامیکسازی بەریتانی (ئالان بیرشال Alan Birchall) کارەکانی بەوە بەناوبانگن کە زیاتر بە قوری پلەی گەرمایی بەرز و بە ویل دروستکراون، کارە ئاوێتەکراوەکانیشی ڕەنگدانەوەی کلتوری ڕۆژهەڵاتی یابانیە، کە سادەیە لە دروستکردندا، شێوەی دار دەدات و بەرهەمە هونەریەکانی توانەوە و تێکەڵکردنی نێوان مەتریالەکانە، بیرۆکەی کارەکانیشی گوزارشتن لە شێوە کۆنە تازەکراوەکان.



**کاری سیرامیکسازی بەریتانی (ئالان بیرشال Alan Birchall)**

بەرهەمی سیرامیکسازی ئەمریکی (جاک کۆیلەر Jack Coelho) بەوە دەناسرێنەوە کە ئاوێتەکراون و زیندوێتیان پێوە دیارە، چونکە بەشێوەی سێ دووری دەردەکەون، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی کەرەستەی وەکو (سەرتاشین و پاکەت بە شێوە جیاوازەکانیەوە، بتڵی شووشە و وێنەی ئەکریلیکی، لق و پۆپی دار و پەیکەری سیرامیکی) ئاوێتەکردنیان لەگەڵ مەتریالەکانی سیرامیک، بەمە بەرهەمە هونەریەکانی بۆتە کاری هونەری هاوچەرخ، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکان وەکو (سیرامیک بە پلەی گەرمایی بەرز، تەکنیکی پۆرسەلین، تراکۆتا و سیلادۆن و وێنەی سەر شووشە) ئەمانە هەمووی وایکردووە ئاوێتەکاریەکی خاوەن جوانیناسی لێ دەرچێت.



**کاری سیرامیکسازی ئەمریکی (جاک کۆیلەرJack Coelho)**

سیرامیکسازی ئیتاڵی (سارکا ڕادۆڤا Sarka Radova) کارەکانی بەرجەستەکراوی زنجیرەیەک ڕووداون، کە پێشاندەری ئەو (کەتوار- واقع) و کۆمەڵگەن، کە هونەرمەند تێیدا ژیاوە، بە ڕووداوەکانی ژیان پێناسەی کردوون، شێوازی خستنەڕووی بیرۆکەکانیشی جۆراوجۆرە، کە ئاوێتەکاری کردووە لە مەتریالی سیرامیک و (پۆرسەلین)ی بەکارهێناوە، هاوکات ئۆکسیدی ڕەنگاوڕەنگی ئاوێتە کردووە لەگەڵ مەتریالی جیاوازی وەکو (داو و دار و ئاسن و هەویری کاغەز و ئەکریلیک).



**کاری سیرامیکسازی ئیتاڵی (سارکا ڕادۆڤا Sarka Radova)**

خانمە سیرامیکسازی بەریتانی (میلانی براون Melanie Brown) کارەکانی بەوە دەناسرێنەوە کە شێوەی ئاساییان تێپەڕاندووە لە دروستکردندا، گۆڕاون بۆ کاری نوێ و پێشکەوتوو ئەمەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی تەکنیکی جیاواز وەکو (تەکنیکی سیلادۆن، پۆرسەلین، بۆیەی شووشەی سوور و سپی و ڕەش، تەکنیکی ڕاکۆ) جگە لەمانە، ناواخنکردنی کارەکانی بە (تەپەدۆر و دار و کانزای زیوی و شووشە) کە ئەمانە کاریگەری زۆر دیار و بەرچاویان کردووە لەسەر بەرهەمەکانی، کە شێوە و پێکهاتەیەکی جوانیناسی پێداون، کە ڕوانگەی هزری و ئاماژەکاری و گوزارشتکاریان لێ دەرکەوتووە، ئەمانەش بە هۆی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی تەکنیکەکانە کە هونەرمەند بە کارەکەی داوە لە ڕووی گوزارشتکاری و جوانیناسی مەتریالەکانەوە، بۆ ڕێگای دروستکردن و شێوازی بنیاتنانی

کارەکان پەیوەندی بە ویستی هونەرمەندەکەوە هەیە کە مەبەستی بووە لایەنی جوانیناسی تێدا بەرجەستە بکات لە ڕووی بەرهەست و ڕەنگی بەرهەمە سیرامیکیەکانی.



**کاری خانمە سیرامیکسازی بەڕیتانی (میلانی براون Melanie Brown)**

سیرامیکسازی ئەمریکی (جان ییتس jean Yates ) کارەکانی دەروازەیەکی تازەی کردۆتەوە بۆ ڕوانینی هونەری و شێوەکاری لە ڕووی هەمەچەشنی لە شێواز و تەکنیکەوە (بەرهەمهێنانی سیرامیکی پلە گەرمایی بەرز بە بۆیەی شووشەیی یان شووشە نەکراو و تەکنیکی ڕاکۆ و تراکۆتا) هەروەك هەندێ مەتریاڵ بەکاردێنێت وەکو (دار) لەگەڵ بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر، کە ئەمە وایکردووە بەرهەمەکانی هەڵگری پەیامی گوزارشتکاری بەهێزبن، کە زیندوێتی و کاریگەری باڵایان هەیە بۆ بەرزکردنەوەی بەهای شێوە و جوانیناسیەکەی لە ڕوانگەی هونەری هاوچەرخدا.



**کاری سیرامیکسازی ئەمریکی (جان ییتس jean Yates ) 2004**

هەروەها سیرامیکسازی ئەمریکی (ستیڤ بیڵز Steve Belz) گرنگیپێدانی تەنها لە سنووری تەکنیکەکانی شووشەکردن نەبوو، بەڵکو داهێنانی کردووە لە بواری ئاوێتەکاری لە کارە سیرامیکیەکانی کە لە سروشت وەرگیراون و بە شێوەی ئەبستراکت دروستکراون، ئەمەش بیرۆکەی گوزارشتکردنە لە گۆڕانی بۆماوەیی و سیستەمی خۆراکی و بەکارهێنانی وزە و تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ بەرهەمە سروشتیەکان و ئیشکردن لەسەر توخمە بۆماوەییەکانی ڕووەک و تێکەڵکردنیان لەگەڵ توخمی ڕووەکیتر، کە گەیشتووە بە ئەوجی جوانی لە بەکارهێنانی ئاوێتەکاری لە مەتریالە دەستکردە جیاوازەکانی وەکو (پۆڵا و تەپەدۆر و دار و

کانزا و پێکهاتە ڕیشاڵەییەکان)  ئەمە دەرگای بەسەر گفتوگۆکان واڵا کردووە سەبارەت بە سروشت و سەرنج ڕاکێشانی وەرگر بۆ هەموو ئەو شتانەی پەرەپێدراو و تازەن.



**کاری سیرامیکسازی ئەمریکی (ستیڤ بیلز Steve Belz)**

کارەکانی سیرامیکسازی بەریتانی (مارک سمیس mark smith) هەڵگری مۆرکێکی هاوچەرخن بە شێوەیەکی جیاواز توانای بەسەر بەدەستەوەهاتنی قوڕی سیرامیک و ڕەنگکردنی شکاوە، بەتایبەت لە پلەکانی ڕەنگ کە گونجاون لەگەڵ شێوەی بەرهەمە سیرامیکیەکان، وا دەردەکەوێ کە ڕەنگی کارەکە خۆیەتی نەوەک دواتر ڕەنگکرابێت. کە ئەمە هاوکاری کارە هونەریەکانی کردووە بیرۆکەکەیان بە تەوای بگات کە وتاری هزریە، لاساییکەرەوەی ژینگەی ئاوی (کەشتیوان)ە کە هەڵگری مۆرکی گوزارشتکاری و گێرانەوەی چیرۆکە، جگە لەمە  بەکارهێنەری شێوازی نوێ و پەرەپێدراوە بە تەکنیکی جیاواز وەکو (وردە بەرد و دار و ئاسن و تەپەدۆر و مس و ئەلەمنیۆم و تەلی کانزایی)



**کارەکانی سیرامیکسازی بەریتانی (مارک سمیس mark smith)**

ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی سیرامیکسازی بەریتانی (فیلیپا سێرفڵ Philippa threlfall) بکەین، دەبینین بەشێوەی دیواربەندی سیرامیکی جۆری (فوسەیفوسا) دروستکراون، ئەمە وایکردووە کارەکانی لە شێوەی ئاسایی دەرچێت،  بە ڕوانگەیەکی گوزارشتکارانە، بە بەکارهێنانی مەتریالی جۆراوجۆر وەکو (قوڕ، وردە بەرد، ئۆکسیدی

ڕەنگاوڕەنگ، بەرد، کانزاکان، دار) ئامانجیشی لەم کارەی بەدەستهێنانی بەهای هەستیە بەجۆرێك بەهای سوودگەرایی تێپەڕاندووە و کارەکانی بە تەواوی نمایندەی بەهای جوانیناسی دەکەن.



**بەرهەمەکانی سیرامیکسازی بەریتانی (فیلیپا سێرفڵ Philippa threlfall)**

سیرامیکساز (پات ساوسوود pat southwood) جۆرە سیرامیکێکی بە پلەی گەرمایی بەرز بەرهەمهێناوە ئاوێتەکاری کردووە بە مەتریالی جیاواز وەکو (لقی دار) کە سروشی لە پێدراوە ژینگەییە سروشتیەکانەوە وەرگرتووە، کە ئەمەش دیمەنێکی تازە و پەرەپێدراوی بە کارەکانی داوە.



**کاری سیرامیکساز (پات ساوسوود pat southwood)**

خانمە سیرامیکسازی ئەمریکی (لینۆر ڤاندرکۆی LeonoreVanderkooi) ئاوێتەکاری کردووە لە نێوان مەتریالی سیرامیک و دار بەمەش خەیاڵ دەکەیت تێکەڵ بە بەشەکانی یەکتر بوون.



**خانمە سیرامیکسازی ئەمریکی (لینۆر ڤاندرکۆی LeonoreVanderkooi)**

خانمە سیرامیکسازی بەریتانیش (پێنیلۆپ هایز Penelope hayes) کارە سیرامیکیەکانی بەشێوەی جەستەی مرۆڤ بەرجەستەکراون، کە قوڕی تێکەڵ بە شووشە و مەتریالی مس و ئاسن و کوتاڵ کردووە.



**کاری خانمە سیرامیکسازی بەریتانیش (پێنیلۆپ هایز Penelope hayes)**

سیرامیکسازی بەریتانی (بردگێت درایکفۆرد Bridget Drakeford) توانی داهێنان بکات لە ڕووی تەکنیک و دیزاین لە بەرهەمە سیرامیکیەکانی، وەکو تەکنیکی (سیلادۆن) ئەمە جگە لە ئاوێتەکاری لەگەڵ دار (حەیزەران) و ناواخنکردنی بە مەتریالی وەکو (زێڕ و زیو و مس و تەپەدۆر).



**کارەکانی سیرامیکسازی بەریتانی (بردگێت درایکفۆرد Bridget Drakeford)**